ڕێگای کوردستان
دووشەممە11ی ئادار (مارس)ی 2002 ژمارە (494) ساڵی (57)

# ئایا وتووێژەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە راستیی سەرکەوتووانە بوون؟

محەمەد ئەحمەد ئامێدی

لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامادەبوونی هانزبلیکس-ی گەورە پشکنەری UN وتووێژی لەگەل وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەنجامداو ئەو وتووێژەش بەوە کۆتایی هات کە لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی داهاتوو وەك کاتێك دانرا بۆ دەست پێکردنەوەی تەواوکردنی وتووێژی دیکە سەبارەت بە گەڕانەوەی تیمە پشکنەرەکان بۆ عێراق، ئەوانەی کە لە ساڵی 1998ەوە لە عێراق دەرکرابوون ڕێی ئەوەیان پێ نەدەدرا کە جارێکی دیکە پێیان بە خاکی عێراق بکەوێتەوە، ناجی صبری الحدیثی وەزیری دەرەوەی عێراق ئەو وتووێژانەی بەوە وەسف کرد کە سەرکەوتووانەو بنیاتنەرانە بوون. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گەڕانەوەی پشکنەرەکان بە هیچ کۆت و بەندو مەرجێکەوە نە بەستراوەتەوەو بلێکس ئەوەشی روون کردەوە کە کرداری پشکنین توندو راستەقینە دەبێت و ئەمریکاییەکان دەکرێ لە لیژنەکاندا بەردەوام بن و عێراق بۆی نییە هیچ کەسێك لە ئەندامانی تیمەکانی پشکنین دووربخاتەوە چونکە ئەوانە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن. گەلێك لە شیکەرەوەکان بڕوایان وابوو کە ئەو وتووێژەی عێراق لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان چارەنووسەکەی ئەوەیە کە سەرناگرێ و سەرناکەوێ چونکە عێراق ڕەزامەندی خۆی بۆ گەڕانەوەی تیمە پشکنەرەکان بە دیاری کردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ مانەوەیان دانابوو لە پاڵ ئەوەشدا داوای لابردنی هەردوو ناوچەی دژە فڕینی "باکورو باشووری" کردبوو.

گەلێك شیکەرەوە سەریان لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی ڕژێمی عێراق لەو کەللە ڕەقی و مێشك وشکییەی عێراق سوڕماوەو بە سەیری دەزانن لە کاتێکدا کە ڕژێم دووچاری چەندان گوشاری نێودەوڵەتی قورس دەبێتەوەو سەرەڕای ئەو هەڵوێستە هێرشکارانە توندەی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق بەوەی کە ڕژێمی خستۆتە نێو بەشێك لە تەوەری شەڕەوە.

بەڵام ڕژێم وەك ئەو نەریتەی خووی پێوە گرتووە بەردەوامە لە بێ منەتی و تەحەدا کردن تا دوا هەناسەی، ئینجا لە کاتی بە سەرچوودا چۆك بۆ هەموو داواکاری مەرج سەپاندنە نێو دەوڵەتییەکان دادەدا، هەر لەبەر ئەوە ڕژێم لە وتووێژکردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەردەوامەو مەرج بۆ گەڕانەوەی پشکنەرەکان دادەنێت لە چوارچێوەی گەمەیەکدا بۆ کات دەسکەوتن و لەوانەشە تا مانگی ئایاری داهاتوو کە کاتی پێ داچوونەوەی سزا ئابوورییەکانە ڕژێم لەو گەمەیەیدا بەردەوام بێت کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕەنگە ئەمریکا بتوانێت قەناعەت بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بێنێ بۆ ئەوەی پڕۆژەی سزا زیرەکەکان تێ پەڕێنێ و بەمەش ڕێگە لە ڕژێم دەگرێت کە سوود لە دەرامەت و دەسکەوتی نەوت بۆ مەبەستی سەربازی وەرگرێت و لەوانەیە ڕژێم گەڕانەوەی پشکنەرەکان بکاتە داردەستێك بۆ شکست پێهێنان و سەرنەگرتنی پڕۆژەی سزاکان و بە دوای گۆڕانکاری و ئەنجامی کۆبوونەوەکانی سەرانی عەرەبەوە دەبێت کە نیاز وایە لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە بەیروت ببەسترێ، بەم جۆرە ڕژێم دەیەوێ درێژە بەو کردارە بدات بۆ ئەوەی بواری مانۆڕی سیاسی بۆ بڕەخسێ، بە تایبەتیش کە لەوانەیە گەڕانەوەی پشکنەرەکان ئەنجامی خێراو بە پەلە بە دەستەوە نەدەن و دوای ڕەزامەندی عێراقیش بۆ گەڕانەوەی ئەو پشکنەرانە لەوانەیە هەنگاوی بەرایی کە ڕێگا بە دەست بەکاربوونی ئەو پشکنەرانە دەدەن چەند مانگێك بخایەنێت و لەو ماوەیەشدا ڕژێم سیاسەتی "سەری لێ بشێوێنە و پاشەکشێ بکە" پەیڕەو دەکات، لەبەر ئەوە بە دوور دەزانرێ کە چیدیکە ئەمریکا گەڕانەوە بۆ (یاریی مشك و پشیلە)ی پێ قبووڵ بکرێ.

ئەمەی سەرەوە کە گوتمان زۆربەی زۆری شیکارییەکان و وتەبێژەکانی بەرپرسە ئەمریکاییەکان جەختی لە سەر دەکەنەوە، هەر لەم ڕووەوە ڕاوێژ پێکراوی وەزیری بەرگریی ئەمریکا پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئەگەر لە عێراقدان هەبێت تەنانەت ئەگەر عێراق لەو هەڵوێستەی خۆی پەشیمانیش بێتەوەو ڕێگا بە گەڕانەوەی پشکنەرە نێو دەوڵەتییەکان بدات کە لەسەر کارەکەی خۆیان بەردەوام بن بۆ گەڕان بە دوای چەکدا".

هەروەها ئەوەشی گوت: بڕوا ناکەم شتێك لە گۆڕێدا مابێت کە سەرۆکی عێراق بیکات بۆ ئەوەی ئێمەی پێ ئیقناع بکات بەوەی کە عێراق هیچ مەترسییەك پێك ناهێنێ و هیچ مەترسییەك لە عێراقەوە نایەت و سەر هەڵنادا". ئینجا لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی: تاکە شتێك کە قەناعەت بە ئەمریکا بێنێت گۆڕینی ڕژێمی عێراقە.

ئەم قسانەو گەلێکی دیکەش، با لە لایەکەوە بۆ گوشار خستنە سەر ڕژێمیش بن، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە مانای ئەوەن کە عێراق بێ هیچ گومانێك دووچاری گورزێکی سەربازیی ئەمریکا هەر دەبێتەوە تەنانەت لەو حاڵەتەشدا ئەگەر داواکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی جێبەجێ بکات سەبارەت بە گەڕانەوەی پشکنەرەکان.

سەدام حوسێن لەو نامەیەی کە بۆ (بولند ئەجاوید)ی ناردووە ئەوەی دووپات کردووەتەوەو لەو نامەیەدا گوتوویەتی:"لەمەوپێش ڕەزامەندی پیشان داوە بۆ ئەوەی کە پشکنەرەکان بێنە نێو خاکی عێراقەوە، بەڵام ئەمە لە گیروگرفت و سەر ئێشە زیاتر هیچی دیکەی بۆ عێراق نەناوەتەوەو بەغدا نایەوێ جارێکی دیکە ئەمە دووبارە ببێتەوە". واتە سەدام حوسێن دەستەبەریی ئەوەی دەوێت کە ئەمە دووبارە نەبێتەوە!!

بەڵام لەگەڵ خەست کردنەوەی هەڕەشەو گوڕەشەی ئەمریکا بۆ عێراق و ئەو کەللە ڕەقی و تەحەدایە بۆش و بە تاڵەی ڕژێم پیشانیدا، سەرەنجام هەر بەوە قایل بوو کە لە ناردنە دەرەوەی نەوت بەردەوام بێت بەو نرخەی ئەمریکاو بەریتانیا بۆیان بڕیبووەوە کە مەبەستی لەوەدا سنووردانانێکە بۆ ئەو دەسکەوتە نارەوایانەی بەغدا دەستی دەکەوت لە ڕێگەی نەوت فرۆشتنەوەو ئەو نرخ بڕینەش لەلایەن لیژنەی سزاکانەوە دادەنرا دوای ئەوەی کە نەوت بارکردن و ناردنە دەرەوە کۆتاییان دەهات. ئەمەیە حاڵی ڕژێم.. مانۆڕکردن و خۆ گونجاندن بۆ کات وەدەست هێنان و لە کاتی بەسەرچودا بە هەموو ئەوانەش قایل دەبێت کە بەسەریدا دەسەپێنرێن و ئەمریکاش لە پەیڕەوکردنی گوشارەکانی خۆیی و کارە دیبلۆماسییەکانی خۆیدا هەر بەردەوام دەبێت بۆ قەناعەت پێکردنی هاوپەیمانەکانی کە ئەم ویستە (خیار)نییەو هەموو هەلێکی پێویستی ڕەخساندووە تا پشتگیریان ، یان هیچ نەبێ بەلای کەمەوە بێ دەنگیان دەستەبەر بکات کاتێك کە پەنا بۆ کاری سەربازی دەبات دوای ئەوەی هەموو پێویستییەکانی بۆ سازو تەواو کردووە.

سەلام عادل

# وزەو تینی کاردانی ئێستاو ئایندەمانە

زیرەك



لەدایك بوونی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی (1934) بە تەنها ڕووداوێکی سیاسی و لەدایك بوونێکی حزبێکی نیشتمانی و جوڵانەوەیەکی ئازادی خوازانەی گەلی عێراق نەبوو، بە تەنها هاتنە مەیدانی هێزو تەوژم و حزبێکی چینایەتی نەبوو، بەڵکو لە پاڵ سەرهەڵدانی ئەم فیکرەیەو دواتر لەدایك بوونی ئەم حزبە بە سەرەتای لەدایك بوونی شێوازو نێوەڕۆك و فۆڕمێکی نوێی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی و سەرهەڵدان و دروست بوونی بیری نوێی سەرجەم کایە سیاسی، فیکری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی جەماوەریش لە قەڵەم دەدرێت چونکە لەگەڵ ڕاگەیاندنی دروست بوونی حزبی شیوعی عێراق هەژانێکی توندو بەهێزە سەرجەم بونیادی دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی گرتەوە. هەر بۆیەش دەبینین هەر لەگەڵ هاتنە مەیدانی ئەم حزبە بە بەرەیەکی بەرفراوان پێکهاتوو لە دەسەڵاتی سیاسی و ئەو بونیادو تەوژمە کۆنەپەرستانە پێکهاتووەو ئامانجی هەر هەموویشیان ڕاگرتنی کاروانی خەباتی پڕ لە شانازی ئەم حزبە بووە.

هاوڕێ سەلام عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق یەکێك بوو لەو سەرکردە بلیمەت و بە توانایەی کە لەمیانەی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا لە ڕیزەکانی حزب بە گشتی و لەو دەرفەت و مێژووەی کە بوو بە سکرتێری ئەم حزبە توانی بەو پەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزی و لە خۆ بوردویی کاروباری حزبی هەڵسورێنێت و لەسەر هەموو کایەو ئاستە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی حزب ڕۆڵ و پەنجەی خۆی بە شێوەیەکی جوان و دیار بنەخشێنێت. هەر بۆیەش تاقمی بەعسی کودەتاچی بە مەبەستی زیاتر چەسپاندنی پایەی دیکتاتۆریانەی خۆی و زیاتر کۆنترۆڵ کردنی سامان و بنەما سیاسی و ڕێکخراوەیی و جوڵانەوەی هوشیاری خەڵك و تەشەنە پێکردنی فیکری فاشیانەوەو ڕەگ داکوتانی کورسی دەسەڵات و پاشەکشە پێکردنی و کاردانی خەبات و تێکۆشانی شیوعییەکان و لەناوبردنی هەموو ئەو دەستکەوتە ماددی و مەعنەوی و ڕۆشنبیری و سیاسیەی کەوا گەلی عێراق بە ڕێبەرایەتی حزبی شیوعی عێراق و جوڵانەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی بەدەست هێنابوو.

لە ڕۆژی 8 / 3 / 1963 هەڵسان بە شەهید کردنی هاوڕێ سەلام عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب و سەرکردەی لێهاتووی مەیدانی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی و نێو نەتەوەیی.

دیارە مەبەستی کودەتاچییەکان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیە لەناو بردنی هەموو حزب بوو کە پێیان وابوو بەبێ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەستەمە بتوانن تەراتێن بە ئەسپی بەرژەوەندی و دیکتاتۆریانەی خۆیان بکەن. بەڵام شەهید بوونی هاوڕێ سەلام عادل زیاتر شیوعییەکانی هاندا کەوا سوور بن لەسەر خەبات و وەدەست هێنانی ئامانجە ڕەواکانیان.

دیارە شەهید بوونی ئەم سەرکردەیە قوربانییەکی تری گرانبەهای شیوعییەکان بوو لە پێناوی ئامانجە نیشتمانی و چینایەتی و نێو نەتەوەییەکان، دیارە تاکو گەیشتنیش بەم ئامانجانە کاروانی خەباتی هاوڕێیانی شیوعی درێژەی دەبێت و لەسەر ڕێگای بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی فیدراڵی ئامادەی هەموو جۆرە قوربانییەکن.

# با یادو یادەوەریەکانی مانگی ئادار بکەینە سەرمەشقی . . . پاشماوە

محیەدین حەسەن

هەروەها (21) ئاداری هەموو ساڵێکیش جەژنێکی پیرۆزو دێرینی نەتەوایەتی گەلی کوردە کەوا گەلەکەمان ساڵانە یادی دەکاتەوەو وەکو بەشێك لە کەلتورو گەنجینە و وەکو سمبولێکی نەتەوایەتی خۆی سەیری دەکات و لە هەموو یادکردنەوەیەکی ئەم بۆنەیەش زیاتر هەست و بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆی زاخاو دەداتەوەو جگە لەمەش دەیکاتە دەرفەتێکیش بۆ زیاتر گورج و گۆڵتر کردنی هەنگاوەکانی ڕووەو ئازاد بوون لە هەموو زوڵم و ستەمێکی جۆراو جۆری نیشتمانی و نەتەوەیی هەروەها لە سێدارەدانی هاوڕێ سەلام عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق و هاوڕێکانی و قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری مەهاباد کە دەکەونە مانگی ئادارەوە.دووبۆنەو یادی خەمناکن لە مێژووی جووڵانەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی عێراق و کوردستانی ئێران کە هەردوو سەرکردە ڕۆڵێکی دیارو کەم وێنەیان هەبوو لە سازدان و ئامادە کردنی گەلەکەیان ڕووەو خەبات و تێکۆشان و هەنگاونان ڕووەو بنیاتنانی وڵاتێکی ئاوەدان و ئاسوودەو پێشکەوتوو بۆ گەلەکەیان و دیارە هەر خەم خۆری و دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری ئەوانیش بوو کە پاڵی بە هەردوو ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداو پاشایەتی ئێرانەوە دەنا کە هەر دووکیان لە سێدارە بدەن و بەو مەبەستەی کاروانی تێکۆشانی هەردوو گەلی ئازادیخوازی عێراق و کوردستان بوەستێنن. بەڵام دواتر گۆڕانکارییەکان و ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانەی نیازو مەرامی نەگریسی ئەوان وەرچەرخاو خەبات و تێکۆشانی هەردوو گەل دوای لە سێدارەدانی سەرکردەکانیشیان هەر درێژەی هەبوو.

بێگومان لە ئایندەشدا تاکو گەیشتنی بەدوا ترۆپکی ئامانجەکانیان هەر بەردەوام دەبێت. دیارە (31) ئاداری ئەمساڵیش حزبی شیوعی عێراق (68) ساڵ تەمەنی پڕ لە سەروەری خۆی تەواو دەکات و ساڵێکی تری پڕ لە خەبات و تێکۆشان و بەخشش دەخاتە سەر خەرمانەی سەروەری و نەبەردی و فیداکارییەکانی خۆی. ئەو حزبەی دروست بوونی تەکان و بزاوت و جوڵەیەکی گەرم و چڵۆنایەتی و بەهێزی خستە نێو جەستەی گەلی عێراق و لەسەر هەموو ئاست و بوارو کایەکاندا جێ پەنجەی خۆی نەخشاندو هەر لەسەر دەستی ئەم حزبە تێکۆشەرەش تێکۆشان و جوڵانەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی لەم وڵاتەدا لە چوارچێوەی فۆڕم و شێوازی ڕێکخستن و حزبایەتیەکی کامڵ و تۆکمە هاتە عێراق و هەر لەژێر کاریگەری دروست بوونی ئەم حزبەشدا ڕەوت و شێوازو ئاراستەیەکی نوێ لە جوڵانەوەی و نارەزایی چینایەتی و نیشتمانی و ئامانجە نەتەوایەتییەکان و سەرهەڵدانی فیکری نوێ و ڕۆشنبیرییەکی پڕ لە مەعریفەو پێشکەوتووخوازی هاتە ئاراوەو بۆ یەکەمین جاریش مافی نەتەوایەتی کورد وەکو مافی بە یەکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە نێو ئەدەبیات و ئامانجە سیاسییەکانی حزبایەتی دانی پیانرا کە ئەویش خودی حزبی شیوعی عێراق لە (كفاح الشعب)ی ئۆرگانی خۆیدا ئەم مافەی بۆ گەلی کورد وەکو مافێکی سروشتی دەستنیشان کرد.

دیارە هەر لە (31)ی ئاداری ئەمساڵ (11)ەیەمین ساڵیادی کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کوردستانە کەوا لەژێر زەبرو فشاری شکستی ڕاپەڕیندا بە ناچاری بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژ هەڵات گەلێك نیشتمانەکەی خۆی بەجێ هێشت و دواتریش هەر خودی ڕاپەڕین دەرەنجامی ئیجابی و پڕ لە دەستکەوتی بە نرخی لێکەوتەوە، چونکە خودی کۆڕەو ئەگەرچی ئازارو نەهامەتی و ئەشکەنجەیەکی زۆری بە گەلەکەمان گەیاند بەڵام هەر وەکو درێژە پێدانی خودی ڕاپەڕین وابوو. هەر بۆیەش دواتر بینیمان لە دەرەنجامی یەك ڕیزی بەرەی کوردستانی و بەردەوامی ئەو تەبایی و یەکێتیە ڕاپەڕین و دواتر دووبارە بوونەوەو بەرجەستە بوونەوەی لە کۆڕەوەداو کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و جوڵاندنی ڕای گشتی جیهان شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی مەزن بە سەرکەوتنێکی گەورە پارسەنگ درایەوەو ئینجا دەرەنجامەکەش کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگی وەکو دەرچوونی بڕیاری 688و پاراستنی هێڵی (36)و ئینجا ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەیەکەوەنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ هاتە بەر ئەنجام. دیارە هەریەکێك لەم بۆنەو یادە تاڵ و شیرینانەدا مایەی زیاتر هەڵوەستەکردن و بەخۆدا چوونەوەی گەلەکەمان و ئەزمونەکەمان و سەرجەم جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان و پێویستە پەندو ئەزمونیان لێ هەڵبهێنجێت و وەکو کۆمەڵێك یادو بۆنەو ڕووداو بیانکاتە هەوێن و وزەو سەرمەشقی خەبات و تێکۆشانی ئایندەمان لە پێناو وەدیهێنانی سەرجەم هەموو ئەم خۆزگەو هیواو ئومێدانەی کە گەلەکەمان لە پێناویدا دەیان هەزار شەهیدی لە ڕۆڵەکانی خۆی بەخشی. دیارە ئەمەش بەر لە هەمووشتێك بەوە فەراهەم و مەیسەردەبێت کە هەرچی زووە پەلەبکرێت لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی و یەك خستنەوەی کوردستان و دروستکردنی حکومەتێکی سەرانسەری کەوا کۆڵەگەکانی لە سەر بنەمایەکی دیموکراسی و لەبەر چاوگرتنی جۆری نەتەوایەتی و فرەحزبی دابمەزرێت و لەسایەشیدا سەرجەم گەلی کوردستان بەئاسودەو کامەرانی بژێت. دیارە ئەگەر یەکبون و یەك ڕیزی و تەبایی مەرجی بنەڕەتی سەرخستن و پتەوکردن و هێنانەدی مایەی بەیەکەوەنانی کەشێکی دیموکراسی و خۆشنودانەبێت بۆ هەموو میللەتێك، ئەوا ئەم یەك ڕیزی و تەباییە بۆ گەلی کوردستان سەرەڕای ئەم کۆمەڵە خاڵە ئیجابییە، هۆکاری پێویست و لە بارترو زەرورەتی زیاتریشی هەیە بەتایبەتی بۆ قۆناغی سیاسی ئەمڕۆی جیهان کەوا پێدەچێت دوای کارەسات و ڕوداوەکەی (11) ئەیلولی پاری ئەمریکا کۆمەڵێك دەرکەوتەو ئاماژەو هێماو گۆڕانکاری لە هاوکێشەو باری جوغرافیای سیاسی و تابلۆی تێك چڕژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست بهێنێتە ئاراوە. هەربۆیەش دەبێت بۆئەوەی بۆنەو یادە شیرین و تاڵەکانی ئادار بەرز بنرخێنین و دلسۆزی خۆمانیان بەکردەوە لە بەرامبەر بسەلمێنین و بیانکەینە هەوێن و سەرمەشقی ئێستاو ئایندەمان، دەبێت یادە شیرین و بۆنەکانی سەرکەوتنی ئادار بکەینە بناغەو میکانزمی زیاتر درێژەدان بە ڕەوتی سەرکەوتنەکانمان و لە ڕێگای عەقڵیەتێکی کراوەو دبلۆماسیەتێکی هێمن و چالاکی بەردەوامی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ناساندنی ڕژێمی بەغداد وەکو ڕژێمێکی دیکتاتۆرو هیچ لە بارانەبوو درێژە بە ڕاپەڕین بدەین و هەوڵ و توانای هەموولایەکمان بۆپتەکردنی ئەزمونەکەمان و چاککردنی باری بژێویی و ژیانی خەڵکی وڵاتەکەمان بێت و یادە تاڵ و شکستەکانیشمان بکەینە دەرفەت و هۆکاری بەخۆدا چوونەوەو دۆزینەوەی ئەم فاکتەرو میکانزمانەی کە ئەوانی هێناوەتە بەرهەم. بۆئەوەی لە نێو هاوکێشەو باری ئاڵۆزی ئەمڕۆی جیهان و ئەگەری هاتنەئاراوەی دۆخێکی نوێ لە ناوچەکەماندا، ئێمەش ئامادەباشی خۆمانمان هەبێت و سەرجەم ئاراستەو ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازانجی ڕوکاری بەرژەوەندییە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیەکانی خۆمان داببەین. دیارە هیچ شتێکیش نییە لەم دنیایەدا ئەستەم و کاری نەکردەبێت بە مەرجێك ئیرادەیەکی بە هێزوپتەو لە پشت هەوڵدانی ئەنجامدانییەوە هەبێت.

